**نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عێراق (یونامی)**
**نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردن (OEA)**

# ڕاپۆرت

## بەرزکردنەوەی بەشداریکردنی گشتگیر لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان نێوان ژنان، گەنجان، خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و کەمینەکان




Australian Aid
MINISTRY OF FOREIGN AFFAIRS OF DENMARK
Federal Foreign Office
UNAMI
Norwegian Ministry of Foreign Affairs
USAID FROM THE AMERICAN PEOPLE

## ناوەڕۆک

**بڕگەی 1**
پێشینە

**بڕگەی 2**
لۆژیک، ئامانج، ڕۆڵی ڕێکخراوە بەشداربووەکان و شێوازی ئەنجامدان

**بڕگەی 3**
ئەنجامی پێداچوونەوەی کۆبوونەوە و وۆرک شۆپەکان
3.1بەشداریکردنی گشتی
3.2بەشداریکردن و نوێنەرایەتیکردنی گەنجان
3.3 بەشداریکردن و نوێنەرایەتیکردنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان
3.4 بەشداریکردن و نوێنەرایەتیکردنی کەمینەکان

**بڕگەی 4**
4.1 بەربەستەکانی بەردەم بەشداری ژنان، گەنجان، خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و کەمینەکان
4.2 بەربەستە تێکهەڵکێشەکان
4.3 بەربەستە سەرەکییەکانی بەردەم بەشداریکردنی ژنان
4.4 بەربەستە سەرەکییەکانی بەردەم بەشداریکردنی گەنجان
4.5 بەربەستە سەرەکییەکان لەبەردەم بەشداریکردنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان
4.6 بەربەستە سەرەکییەکان لەبەردەم بەشداریکردنی کەمینەکان


**بڕگەی 5**
ڕاسپاردەکان

## 1. پێشینه

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عێراق (یونامی) کارکردنی هاوبەشی درێژخایەنیان هەیە بۆ پێشخستنی هەڵبژاردنە گشتگیرەکان. لە میانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی فیدراڵی عێراق بۆ ساڵی 2021، نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عێراق لە ڕێگەی نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردن (OEA) پشتیوانی لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کرد لە ڕێگەی کۆمەکی دارایی بچووک بۆ بەرزکردنەوەی بەشداریکردنی گشتگیر لە سەرانسەری عێراق. لە 22ی ئایاری 2022 ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەرکی یونامی نوێکردەوە بۆ پێشکەشکردنی ڕاوێژ و پاڵپشتی و هاوکاری بۆ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق و دامەزراوەکانی دیکەی عێراق لە هەوڵەکانی بەهێزکردنی ئامادەکاری و پرۆسەکانی هەڵبژاردن.[1]

جگە لە پێشکەشکردنی هاوکاری هەڵبژاردن بۆ دامودەزگا پەیوەندیدارەکان، پاڵپشتیکردنی ڕێکخراو و تۆڕەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لە بواری هەڵبژاردندا کار دەکەن، یەکێکە لە پێکهاتە جەوهەرییەکان بۆ بەهێزکردنی ژینگەی گونجاو بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد و دادپەروەرانە. بۆیە نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردنی یونامی بڕیاریدا دەستپێشخەرییەک جێبەجێ بکات بۆ دانانی زەمینەسازی بۆ پشتیوانیکردن لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان، کە بڕیارە لە کۆتایی ساڵی 2023 ئەنجام بدرێت. جەختکردنی دەستپێشخەرییەکە ئەوەیە کە چۆن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن بەشداریکردنی گشتگیر لەو هەڵبژاردنانەدا بەرەوپێش ببەن، بەتایبەتی بەشداریکردنی ژنان، گەنجان، خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و کەمینەکان لە ڕێگەی چالاکییەکانی هۆشیارکردنەوەی گشتی.

بەگوێرەی ئەرکی خۆی و پابەندبوونی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پێشخستنی هاوبەشییە کاریگەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک بەشێک لە کارنامەی فراوانتری گەشەپێدانی بەردەوام، فەرمانگەکە بڕیاریدا هاوبەشی لەگەڵ سێ ڕێکخراوی گەورەی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بکات بۆ جێبەجێکردنی ئەم دەستپێشخەرییە. سێ ڕێکخراوەکەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە هەڵبژێردران بریتی بوون لە پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن(KIE) ، تۆڕی شەمس، ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن (SODE). بەهۆی ئەزموونی بەرفراوانیان لە بواری هەڵبژاردن و تۆڕە دامەزراوەکانی ڕێکخراوەکان لە کۆمەڵگا ناوخۆییەکان، دوو وۆرک شۆپی 3 ڕۆژە بە هاوبەشی پلانیان بۆ دانرا و لە ژێر سەرکردایەتی نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردنی یونامی جێبەجێکرا، ئەمش دوای وۆرک شۆپێکی ئامادەکاری یەک ڕۆژە.




شێوەی 1: هێڵی کاتی چالاکییەکانی پێش داڕشتنی ئەم ڕاپۆرتە

## 2. لۆژیک و ئامانج و هەماهەنگی وۆرک شۆپەکان

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن و پێویستە ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕن لە پێشخستنی هەڵبژاردنە گشتگیرەکان کە تێیدا هەموو هاوڵاتیانی شایستە بە ئازادی و دادپەروەرانە دەرفەتی یەکسانیان هەبێت بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان. ئەم جۆرە هەڵبژاردنانە بەشێکی دانەبڕاوی دیموکراسین. نووسینگەی کاروباری هەڵبژاردنەکانی یونامی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هاوڕان لەسەر ئەوەی کە هەڵبژاردنە گشتگیرەکان پێویستی بەوەیە کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا چالاکانە هان بدرێن و لە هەموو لایەنەکانی هەڵبژاردنەکاندا بەشداربن، بەتایبەتی وەک دەنگدەر و کاندید. بۆ نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردنی یونامی، ئەمە بریتییە لە دابینکردنی دەرفەتێک بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی

[1] بڕیاری ژمارە 2531ـی ئەنجومەنی ئاسایش (2022)

شەفاف ئەزموون و زانیاری هاوبەش بکەن سەبارەت بە چۆنیەتی پێشخستنی کاریگەرانەی بەشداریکردن لە نێوان ئەو گروپە کۆمەڵایەتییانەی کە لە مێژوودا ڕووبەڕووی بەربەستی هەڵبژاردن بوونەتەوە.

ژنان، گەنجان، خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و کەمینەکان بریتین لەو جۆرە گروپە کۆمەڵایەتیانە. داتاکانی بەشداری ژنان لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی مامناوەند بەردەستە. بەڵام بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و کەمینەکان و گەنجان، زانیاری فەرمی بڵاوکراوە بەشێوەیەکی کەم بەردەستن. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە کوردستان هیچ داتایەکی لەبارەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا تۆمار نەکردووە و هاوبەشی نەکردووە. بەڵام ڕێژەی بەشداریی گشتیی دەنگدەران بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا کەمبووەتەوە و ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی ساڵی 2018دا نزمترین ئاستی تۆمارکردووە کە 59.8% بووە.[2] پێشبینی دەکرێت کە بە لەبەرچاوگرتنی کەمی بەشداری گشتی، ئەگەری زۆرە ئەمە لە نێو ئەو گروپە کۆمەڵایەتییانە ڕووبدات کە لە ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیدا نوێنەرایەتی سنوردارییان هەیە.

لەوەتەی ساڵی 1992ەوە تا ئێستا پێنج پێشبڕکێی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە. لە بنەڕەتدا بڕیاربوو سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی 2022 ئەنجام بدرێت، بەڵام هەڵبژاردنی شەشەمی پەرلەمانی عێراق دواخرا، دوای ئەوەی لایەنە سیاسییەکان نەیانتوانی لەسەر کۆمەڵێک بابەتی مشتومڕاوی پەیوەست بە هەڵبژاردنەکانەوە بگەنە ڕێککەوتن، لەوانە نوێکردنەوەی ئەرکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی کوردستان. لەبری ئەوە، پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان لە پرۆژەیاسایەکدا ڕێککەوتن لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان بۆ ماوەی ساڵێک کە تێیدا هاتووە، لانیکەم مانگێک پێش کۆتایی هاتنی ماوەی درێژکراوەی پەرلەمان هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت. دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمان کاتێکی زیاتر دەدات بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لایەنەکانی تر بۆ هەماهەنگیکردن و پلاندانانی ستراتیژی هەوڵەکان بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی بەشداری گشتگیر لەنێوان گرووپە کۆمەڵایەتییە پەراوێزخراوەکان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا.




## 2.1 ئامانج و بوارە سەرەکییەکان

دوای کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری جیا لەگەڵ سێ تۆڕی سەرەکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە کار لەسەر هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان دەکەن، ڕێککەوتن کرا کە پاڵپشتی نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردنی یونامی بۆ بەرەوپێشبردنی بەشداریی گشتگیر زۆر گرنگە. لە وەڵامدا، نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردنی یونامی بڕیاریدا دەست بە پرۆژەیەکی کورتخایەن بکات کە سێ پێکهاتەی تێدابێت کە گفتوگۆیەکی شەفاف لە نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەخۆبگرێت سەبارەت بە بەربەستەکانی

[2] https://www.khec.krd/

بەردەم بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان و دۆزینەوەی چارەسەر کە بەشداریکردنی گروپە کۆمەڵایەتییە دەستنیشانکراوەکان بەرز بکاتەوە. ئەم سێ پێکهاتە و بوارە سەرەکییەکانیان بەم شێوەیە بوون:

<u>کۆبوونەوەی ئامادەکاری</u>


لە هەوڵێکی یەکگرتوودا لەگەڵ هاوبەشەکانی رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی؛ پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن(KIE) ، تۆڕی شەمس، و رێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن کۆبوونەوەیەکی ئامادەکاریی ئەنجامدرا بە ئامانجی گفتوگۆ و پلاندانانی هاوبەش بۆ دوو وۆرکشۆپی داهاتووی 3 رۆژە کە بڕیارە لە 7-9ی تشرینی دووەم لە سلێمانی بەڕێوە بچێت و وۆرکشۆپی دووەم لە 21ی تشرینی دووەم تا 24ی تشرینی دووەم لە دهوك بەڕێوە بچێت. کۆی گشتی 9 ستاف لە ڕێکخراوە هاوبەشەکان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون، کە لە 12ی تشرینی یەکەمی 2022 لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو.




<u>وۆرکشۆپی 3 رۆژە لە سلێمانی: ژنان و گەنجان</u>

ئەم وۆرک شۆپە 3 ڕۆژەیە لە شاری سلێمانی لە 7-9ی تشرینی دووەم بە بەشداری 41 بەشداربوو لە 37 ڕێکخراوی ناوازەی کۆمەڵگەی مەدەنی بەڕێوەچوو. ئامانجی وۆرکشۆپەکە بریتی بوو لە دابینکردنی سەکۆیەک بۆ بەشداربووان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چۆنیەتی بەرەوپێشبردنی بەشداریکردنی گشتگیر لەنێو ژنان و گەنجان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان. تەوەری گفتوگۆکان بریتی بوون لەو بەربەستە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و یاساییانەی کە بەربەستن و ڕێگری لە بەشداری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی ژنان و گەنجان دەکەن. سەرەڕای ئەوەش، بەشداربووان باسیان لەوە کرد کە چۆن دەکرێت ئەم بەربەستانە بشکێنرێت بە بەرزکردنەوەی بەشداریکردن لە ڕێگەی چالاکییەکانی بەرزکردنەوەی هۆشیاری گشتی.

شێوەی 2: گرافەکە ئاماژە بۆ بەشداری ژنان و پیاوان دەکات لە وۆرکشۆپی سلێمانی لە 7-9ی تشرینی دووەمی 2022




کۆی ژمارەی بەشداربووانی ژن

کۆی ژمارەی بەشداربووانی پیاو





<u>وۆرکشۆپی 3 ڕۆژە لە دهۆک: خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و کەمینەکان</u>

بە گشتی 41 بەشداربوو لە 38 ڕێکخراوی ناوازەی کۆمەڵگەی مەدەنی بەشدارییان لە وۆرکشۆپە 3 ڕۆژەییەکە کرد کە لە نێوان 21 بۆ 23ی تشرینی دووەم لە شاری دهۆک بەڕێوەچوو. وۆرکشۆپەکە بە هەماهەنگی لەلایەن نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردنی یونامی، لەگەڵ پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن، ڕێکخراوی ستێپ و تۆڕی شەمس پێشکەشکرا، ئامانجی وۆرکشۆپەکە دابینکردنی سەکۆیەک بوو بۆ گفتوگۆی شەفاف لەسەر بەربەستەکانی بەردەم بەشداریکردنی کەمینەکان و خاوەن پێداویستییە

تایبەتەکان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان. تەوەرەکانی گفتوگۆکردن بریتی بوون لە بەربەستە کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، سیاسی، یاسادانان و ئابوورییەکان لەبەردەم بەشداریکردنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و کەمینەکان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان. سەرەڕای ئەوەش، وۆرکشۆپەکە بە تایبەتی باسی لەوە کرد کە چۆن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن کەناڵە جۆراوجۆرەکانی سۆشیال میدیا بەکاربهێنن بۆ پێشخستنی بەشداریکردنی گشتگیر، و پێشنیارەکان کە دەکرێت ڕۆڵیان هەبێت لە شکاندنی بەربەستەکان.

شێوەی 3: گرافەکە ئاماژە بۆ بەشداری ژنان و پیاوان دەکات لە وۆرکشۆپی دهۆک لە21-23ی تشرینی دووەمی 2022






### 3. هەماهەنگی و ڕێکخراوە بەشداربووەکان

3.1 ڕۆڵی ڕێکخراوە بەشداربووەکان

بۆ ئەوەی ئەم پرۆژە کورتخایەنە بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکرێت، نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردنی یونامی داوای هاوبەشی لەگەڵ سێ تۆڕی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کرد بۆ هەماهەنگی پلاندانانی وۆرک شۆپ. بە پشتبەستن بە ڕاوێژکارییە

سەرەتاییەکان لەگەڵ هەر یەک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆبوونەوەی ئامادەکاریی دواتر، بڕیاردرا دوو وۆرک شۆپی 3 ڕۆژە بۆ نزیکەی 40 بەشداربوو ئەنجام بدرێت. دەرئەنجامی کۆبوونەوەی ئامادەکاری بەرچاوڕوونی پێشکەشکرد بۆ دەسنیشانکردنی ئەو بوارە بابەتیانە کە لە کاتی وۆرک شۆپەکاندا باسیان لێکرا.

دەسنیشانکردنی نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردنی یونامی بۆ سێ تۆڕی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ هاوبەشیکردن لەگەڵیاندا لەسەر بنەمای ژمارەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بوو کە لە هەر تۆڕێکدا هاتبوون و لەگەڵ نوێنەرایەتی کردنی ناوچەی جوگرافییان. ڕێکخراوە بەشداربووەکان بریتین لە پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن لە پارێزگای سلێمانی، ڕێکخراوی ستێپ بۆ دیموکراسی و هەڵبژاردن لە دهۆک، تۆڕی شەمس لە هەولێر. هەروەها توانای تەکنیکی و شارەزایی ئەم ڕێکخراوانە ڕۆڵی هەبوو لە کوالیتی پرێزێنتەیشنەکان و پێشکەشکردنی بابەتەکان.




هەرچەندە چالاکییەکانی پرۆژەکە لەلایەن نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردنی یونامی بەڕێوەدەبران و سەرپەرشتی دەکران، بەڵام سێ ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی تۆڕەکە ڕۆڵێکی سەرەکییان گێڕا لە دەسنیشانکردنی بەشداربووان و بوارە بابەتییەکان، هەروەها لە پێشکەشکردنی بابەتەکانی وۆرکشۆپەکە.

### 3.2 شێوازی پێشکەشکردن

لە ڕێگەی ڕاوێژکاری لەگەڵ سێ تۆڕی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، شێواز و پێکهاتەی وۆرک شۆپەکان ڕێککەوتنی لەسەر کرا لەپێناو باشترکردنی کارلێک و گفتوگۆ لە نێوان بەشداربووان. هەر بەشێک پێکهاتبوو لە پێشکەشکردنێکی بابەتی 30 خولەکی کە لەم ماوەیەدا چەمکە سەرەکییەکان و چوارچێوەیەکی پرسیارەکان ناسێنران، دواتر گفتوگۆی نیمچە گروپی 30-60 خولەکی لەگەڵ نزیکەی 13-15 بەشداربوو لە هەر گروپێکدا بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسانە ئەنجامدرا. پاشان دەرئەنجامی گفتوگۆکان پێشکەشی هەموو گروپەکە کرا. ئەمەش ڕێخۆشکەر بوو بیرکردنەوەی قووڵ بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و پێشنیارەکان سەبارەت بە چۆنیەتی شکاندنی بەربەستەکانی بەردەم بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا لە نێوان ژنان، گەنجان، کەمینەکان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان. هەروەها بەشداربووانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕێگەی پەیوەندی و دروستکردنی پرد لە ناوەوە و دەرەوەی ئەو پارێزگایەی کە لێیەوە سەرچاوەیان گرتووە، سوودیان لەم دەرفەتانە وەرگرت.





**4. ئەنجامی پێداچوونەوەی کۆبوونەوە و وۆرک شۆپەکان**

بە پشتبەستن بە پێداچوونەوە کە لەلایەن نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردنی یونامی ئەنجامدرا و گفتوگۆکانی نێوان ڕێکخراوە بەشداربووەکان، لە بەشی داهاتوودا دۆزینەوەکان، پێشنیارەکان و چالاکییە پێشنیار کراوەکانی بەدواداچوون دەخرێنە ڕوو. لە سەرەتادا، بەشداریکردن و نوێنەرایەتیکردنی ژنان، گەنجان، کەمینەکان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان تا زۆرترین ئاست نیشان دەدرێن، بە ڕەچاوکردنی سنووورداری داتا. ئەم بەشە لاوەکیانەی خوارەوە تیشک دەخەنە سەر ئەنجامی گفتوگۆکان لەگەڵ بەشداربووانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کاتی وۆرکشۆپەکاندا.


<u>4.1 بەشداری و نوێنەرایەتی گشتی</u>

هەرچەندە تا ساڵی 2005ی خایاند تا دەستووری عێراق یەکەمجار دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن پێکەوە بەخشی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام یەکەم هەڵبژاردن لە ساڵی 1992 ئەنجامدرا. هەڵبژاردنی خولیی، بەگوێرەی چوارچێوەی یاسایی هەڵبژاردن کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە هەرێمی کوردستان ڕێکدەخات، دەبێت هەر چوار ساڵ جارێک ئەنجام بدرێت. یەکەم هەڵبژاردن کە ئەنجومەنی نوێنەرانی هەڵبژارد کە ئەوکات ناوی ئەنجوومەنی نیشتمانی بوو، بڕیار بوو ماوەی 3 ساڵ بێت و لە ساڵی 1995 کۆتایی پێبێت. ماوەی ساڵێک درێژکرایەوە و دوای ئەوەش بەهۆی ناکۆکی نێوان لایەنە دەسەڵاتدارەکان، هەرێمی کوردستان لە عێراق بەسەر دوو ئیدارە دابەشکرا. دوای ئەوە تا ساڵی 2005 جارێکی تر هەڵبژاردنی پەرلەمان نەکرایەوە. دۆخی ناجێگیری وڵات و هەرێمی کوردستان، هەموو هەڵبژاردنەکانی نێوان ساڵانی 1992 تا 2018 دواخست، یان چەند مانگێک دواخرا یان تا ماوەی 10 ساڵ لە نێوان ساڵانی 1995-2005.

له ساڵی 1992 بۆ یەکەمجار هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، لەو کاتەوە تا ئێستا چوار هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجامدراوە. ڕێژەی دەنگدەرانی شایستە لە هەرێمی کوردستان لە یەکەم هەڵبژاردنی ساڵی 1992 گەیشتە 87%. بەڵام لەو کاتەوە تا ئێستا ڕێژەی بەشداری دەنگدەران نەگەیشتووەتە هەمان ئاست. لە هەڵبژاردنی دووەمی ساڵی 2005، دوای چەندین ساڵ شەڕی ناوخۆ لەنێوان کوتلە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، نزیکەی 75%ی دەنگدەرانی تۆمارکراو دەنگیان دا. هەڵبژاردنی داهاتوو لە ساڵی 2009دا کەمێک بەرزبووەوە بۆ 78.5%[3]. بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2013دا ڕێژەی بەشداریکردن دابەزیوە بۆ 74%ی دەنگدەرانی شایستە. هەرچەندە ژمارەی ئەو دەنگدەرانەی دەنگیان داوە لە نێوان ساڵانی 2013 بۆ 2018دا بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزینی بەخۆیەوە نەبینیوە، بەڵام ڕێژەی بەشداری لەنێو دەنگدەرانی تۆمارکراودا بۆ 59% دابەزیوە.




(شێوەی 4: ژمارەی دەنگدەرانی تۆمارکراو لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (2013 و 2018)





(شێوەی 5: کۆی گشتی بەشداریکردن لە هەر هەڵبژاردنێک، داتاکان لە سەرچاوەی جیاواز وەرگیراون.)

پێکهاتەیەکی دیکەی بنەڕەتی هەڵبژاردنی ڕاستەقینە و ئازاد و دادپەروەرانە، دڵنیابوونە لەوەی هاووڵاتیان دەتوانن مافی هەڵبژاردنی خۆیان بەکاربهێنن. خۆپاڵاوتن لە هەر هەڵبژاردنێکدا پێویستی بەوەیە کە تاکەکەسەکە و/یان لایەنەکە کۆمەڵێک مەرجی تێدابێت کە لە چوارچێوەی یاساییدا دیاریکراون. لە ڕوانگەی گشتییەوە دەتوانرێت ئاستی بەشداریکردن بە سەیرکردنی ژمارەی ئەو کەسانەش تێبگەین کە لە هەڵبژاردنێکدا کێبڕکێ دەکەن. لە هەرێمی کوردستانی عێراق کۆی گشتی کاندیدەکان لە نێوان ساڵانی 2013 بۆ 2018 بە ڕێژەی 31.5% کەمیکردووە (لە 1129 کاندیدەوە بۆ 773).

---


[3] https://www.sfgate.com/world/article/Iraqi-Kurds-come-out-to-vote-in-high-numbers-3291382.php - - July 26, 2009




شێوەی 6: کۆی گشتی ئەو کاندیدانەی کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا خۆیان کاندید کردووە (2013 و 2018)

## 4.2 بەشداریکردن و نوێنەرایەتیکردنی ژنان.

سەرچاوە بەردەست و پشتڕاستکراوەکان لەسەر بەشداری ژنان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی مەترسیدار سنووردارە. تا ئێستا نازانرێت لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2018دا چەند ژن وەک دەنگدەر لە هەرێمدا تۆمارکراون، هەروەها چەند ژنی دەنگدەر ناویان تۆمارکراوە، تەنانەت لەسەر ئاستی نزمتریش لە هەرێم. هەروەها دابەشبوونی جوگرافی کەمتر زانراوە. بەڵام ئاماژەیەک بۆ ئاستی بەشداری ژنان لە هەڵبژاردنەکاندا بە سەیرکردنی ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی فیدراڵی عێراق دەدۆزرێتەوە. لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، بە گشتی یەک ملیۆن و 527 هەزار و 591 ئافرەت ناویان تۆمار کراون، لەو ژمارەیەش 638 هەزار و 27 (41.8%) دەنگیان داوە. ڕێژەی بەشداریی دەنگدەران لەنێو دەنگدەرانی تۆمارکراوی ژندا بە تایبەتی لە سلێمانی کەم بووە و تەنیا 34.1% بووە. بەڵام ئەستەمە بتوانین بڵێین ئایا ئەمە لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەرێمی کوردستان ڕەنگ دەداتەوە یان نا. بەڵام سیگناڵێکی باشە کە دەبێت وەڵامێکی خێرا و گونجاو دیاری بکات.





(شێوەی 7: ژمارەی ئەو ژنانەی کە وەک دەنگدەر تۆمارکراون و ژمارەی ئەو ژنە دەنگدەرانەی تۆمارکراون کە دەنگیان لە هەر پارێزگایەک داوە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی فیدراڵی عێراق لە ساڵی 2021دا).


ژنان هەمیشە مافی ئەوەیان هەبووە خۆیان کاندید بکەن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، هەروەها لە کاتی یەکەم هەڵبژاردندا کە کاندیدەکان خۆیان بۆ یەکێک لەو 105 کورسییە کاندید کردووە. لەو کاتەدا هیچ کۆتایەک بۆ ژنان نەبوو. سەرەڕای ئەمەش 6 ژن توانیان کورسی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بەدەست بهێنن. لە ئەنجامی هەموارکردنەوەی

دەستووری عێراق لە ساڵی 2005، پشکی 25% بۆ یاسای هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان زیادکرا. ئەمەش بووە هۆی ئاسانکاری بۆ ئەوەی 27 ژن بچنە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005. هەموارکردنەوەیەکی دیکەی یاسای هەڵبژاردنەکان لە شوباتی 2009 بە ئامانجی پێشخستنی بەشداریکردنی گشتگیر پێشکەشکرا. بۆ ئافرەتان، ئەمە بەو مانایە بوو کە کۆتای پێش هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2009 لە هەرێمی کوردستان لە 25% بۆ 30% زیاد کرا. ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی 33 ژن کە کورسی یەدەگیان بەدەستهێنا. جگە لەوەش 6 ژن کورسیان لە دەرەوەی کۆتا بەدەستهێنا. لە نێوان ساڵانی 2013 بۆ 2018 ژمارەی کاندیدە ئافرەتەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیکردووە، لە 366 کاندیدەوە بۆ 241 کەس کە بە ڕێژەی 34.1% کەمبووەتەوە. لەڕاستیدا ژمارەی گشتی کاندیدەکان کەمیکردووە بەڵام ئەمە بە تایبەتی بۆ ژنان ڕاستە بە بەراورد بە هاوتا پیاوەکانیان.

دیار نییە لە ساڵی 1992دا چەند ژن خۆیان بۆ هەڵبژاردن کاندید کردووە، بەڵام ڕوونە کە ئەو شەش ژنەی کورسیەکانیان بەدەستهێناوە، بازدانێکی بەرچاویان لە نوێنەرایەتی ژناندا نیشانداوە. بەداخەوە جگە لە 6 ژن کە لە ساڵی 2009 لە دەرەوەی کۆتا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، لەو کاتەوە کەم ژن لە دەرەوەی کۆتا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە. وەک لە شێوەی 8 و 9دا دەبینرێت، نوێنەرایەتی ژنان بەزەحمەت لە ژمارەی پێشوەختە دیاریکراوی کورسییەکان تێدەپەڕێت کە لە ڕێگەی کۆتاوە تەرخانکراوە.




(شێوەی 8: ژمارەی ئەو کاندیدانەی لە ساڵانی 2013 و 2018 بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان خۆیان کاندید کردووە، دابەشکراوە بەسەر ژنان و پیاوان. لە لای چەپ ژمارەکانی ساڵی 2013 و لە لای ڕاست ژمارەکانی ساڵی 2018.)




(شێوەی 9: ژمارەی ئەو ژنانەی دوای هەر هەڵبژاردنێک هەڵدەبژێردراون. لە ساڵی 1992 بڕی 105 کورسی و 2005-2018 بڕی 111 کورسی هەبووە)

### 4.3 بەشداریکردن و نوێنەرایەتیکردنی گەنجان

بەپێی ڕاپۆرتی فەرمانگەی ئاماری هەرێمی کوردستان، مەزەندە کراوە تا ساڵی 2021 ڕێژەی 62.9%ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان تەمەنیان لە خوار 30 ساڵی بووە.[4] کەلێنێک لە ئامارە فەرمییە نوێکراوەکاندا لەم ڕووەوە بەهۆی نەبوونی سەرژمێرییەکی دانیشتوانی ئەم دواییە هەیە.[5] بەهەمان شێوە ئاستی وردی بەشداری گەنجان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا نادیارە بەهۆی نەبوونی زانیاری فەرمی سەبارەت بە ژمارەی دەنگدەرانی تۆمارکراو لە هەر گروپێکی تەمەن و ژمارەی دەنگدەرانی پەیوەندیدار بە گرووپی تەمەن. بەڵام توێژەران و پسپۆڕانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی مەزەندە دەکەن کە تا 50%ی گەنجانی شایستە لە هەڵبژاردنەکانی 2018دا دەنگ نەدانیان هەڵبژاردووە.[6]

هەروەها زەحمەتە ڕێژەی بەشداری گەنجان وەک کاندید و نوێنەرایەتیان لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دیاری بکرێت بەهۆی نەبوونی زانیارییەوە. هەرچەندە کاندیدەکان پێویستە زانیاری کەسی تایبەت بدەن لە کاتی ناو تۆمارکردندا، لەوانەش بەرواری لەدایکبوون، بەڵام هیچ زانیارییەکی کۆکراوە لەسەر تەمەنی کاندیدەکان بەردەست نییە. هەروەها هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن لە ساڵی 2009، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، مەرجی تەمەنی کاندیدبوون لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانیش لە 30 ساڵەوە بۆ 25 ساڵ دابەزاند. گەنجترین ئەندامی پەرلەمانی کوردستان خانمێکی تورکمانی لە دایک بووی ساڵی 1992 ـە و یەکێک بووە لە پێنج تورکمانە هەڵبژێردراوەکە لە سەر بنەمای کۆتای کەمینەکان. بەڵام زۆر کەم لە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئێستای هەرێمی کوردستان تەمەنیان لە خوار 40 ساڵەوەیە، تەنانەت لە 35 ساڵیش کەمتر بووە، کاتێک لە ساڵی 2018 چوونەتە پەرلەمان.

---

[4] فەرمانگەی ئاماری هەرێمی کوردستان: ڕاپۆرتی شیکاری دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق (2021)
[5] هەمان سەرچاوە.
[6] (Petkova 2018). https://www.aljazeera.com/features/2018/11/12/anger-is-simmering-among-iraqs-kurdish-youth

## 4.4بەشداریکردن و نوێنەرایەتیکردنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.

لە ڕاپۆرتی "کەس نوێنەرایەتی ئێمە ناکات"، دەستڕاگەیشتن بە بەشداری سیاسی بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە عێراق (2021) لەلایەن هیومان ڕایتس ووچ(HRW) ، ڕوونە کە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان لە بەشداریکردن لە کاروباری گشتی دوورخراونەتەوە، بەتایبەتی لە هەڵبژاردن. زانیاری چەندایەتی زۆر سنووردار سەبارەت بە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان بەردەستە. لە ساڵی 2019 لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت ڕایگەیاند کە عێراق زۆرترین ژمارەی خاوەن پێداویستی تایبەتی لە جیهاندا هەیە، بە شێوەیەکی سەرەکی بەهۆی ململانێ چەکدارییە جیاوازەکانەوە.[7] لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، هیومان ڕایتس ووچ مەزەندەی کردووە کە 21%ی ماڵەکانی هەولێر، 26% لە دهۆک، و 31% لە سلێمانی خاوەن پێداویستی تایبەتیان تێدایە.[8] هیچ زانیارییەک لەسەر تۆمارکردنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان وەک دەنگدەر یان ڕێژەی بەشداریکردنیان لە دەنگدەردا نییە. هەروەها ئەمەش دۆخەکەیە کە بیر لەوە دەکرێتەوە کە ئایا هیچکەسێکی خاوەن پێداویستی تایبەت کێبڕکێی کورسییەکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی کردووە یان نا. بەڵام زانراوە کە هیچ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان هەڵنەبژێردراون، ئەمەش بۆشایی لە نوێنەرایەتیکردنیان بەجێهێشتووە.




## 4.5 بەشداریکردن و نوێنەرایەتیکردنی کەمینەکان

هەرێمی کوردستانی عێراق بە هەمەجۆریی ئایینی و نەتەوەیی و کولتووری بەناوبانگە. ئەمەش کورد، تورکمان، ئەرمەنی، ئاشووری، کلدان و عەرەب و ئی دیکە دەگرێتەوە. لە لایەنی ئایینییشەوە موسڵمانی سوننە و شیعە و مەسیحی و ئێزیدی و کاکەییش هەن. بەو پێیەی ناسنامەی ئایینی و نەتەوەیی زیاتر تێکەڵ دەبێت، واتە مەسیحییەکانی ئاشووری-کلدانی، ئەو کورسییانەی کە لە ڕێگەی سیستەمی کۆتاوە بۆ کەمینەکان تەرخانکراون، لەسەر بنەمای نەتەوەیی دانراوە. هەندێک کەمینەی وەک ئاشووری- کلدان لە سەرەتای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی سیستمی کۆتاوە 5 کورسی یەدەگیان هەبوو. لە ساڵی 2005 ژمارەی کورسییەکانی تایبەت بە کەمینەکان لە ڕێگەی سیستمی کۆتاوە لە 111 کورسی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بۆ 11 کورسی زیادکرا، و دابەشکرا بەسەر: (5) تورکمان، (5) کلدان-ئاشوورییەکان و (1) ئەرمەنییەکان. ئەمڕۆش هەمان ژمارەی کورسییە یەدەگەکان لە شوێنی خۆیان ماونەتەوە و نوێنەرایەتی ئەو سێ نەتەوەیە لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان مسۆگەر دەکات. پەیوەست بە دۆخی گەنجان، بەهۆی نەبوونی داتای ئاماری باوەڕپێکراو، ڕوون نییە چەندیان سەر بە کامە کەمینەی نەتەوەیی و ئایینین. هەروەها زانیاری دەربارەی ژمارەی دەنگدەرانی تۆمارکراو بۆ هەر کەمینەیەک نادیارە، هەروەها ڕێژەی بەشداری دەنگدەرانیشیان نادیارە.

---

[7] کاریگەری ململانێی چەکداری لەسەر خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە عێراق''، CRPD، 11ی ئەیلوولی 2019،
[8] هیومان ڕایتس ووچ، "کەس نوێنەرایەتی ئێمە ناکات"، دەستڕاگەیشتن بە بەشداری سیاسی بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە عێراق (2021).
تێبینی: ئەو ژمارەیە بۆ سلێمانی ئاماژەییە، واتە ناتوانرێت گشتگیر بکرێت بۆ دانیشتوانی فراوانتری ناو پارێزگاکە.

## 5. دەرەنجامەکان، ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکانی بەدواداچوون: پێشخستنی بەشداری گشتگیر لە نێوان ژنان و گەنجان

بە پشتبەستن بە ئەنجامی گفتوگۆکانی نێوان نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە دوو وۆرکشۆپەکەی دهۆک و سلێمانی، ئەم بەشە بەربەستەکانی بەردەم بەشداری ژنان، گەنجان، خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، و کەمینەکان دەستنیشان دەکات. برگەی یەکەم باس لە بەربەستە تێکهەڵکێشەکان لە نێوان گروپەکاندا دەکات. دواتر تیشک دەخرێتە سەر ئاستەنگەکانی گروپە مەبەستەکان. لە کۆتا برگەی ئەم بەشەدا ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکانی بەدواداچوون دەخرێنە ڕوو کە لەلایەن بەشداربووانی وۆرک شۆپەکەوە پێشکەشکراون.

**بەربەستە تێکهەڵکێشەکان:**

بە گشتی ئامادەبووانی وۆرکشۆپەکە تیشکیان خستە سەر ئەوەی کە متمانەی سنووردار و کەم بوونەوە متمانەی گشتی بە هەڵبژاردن و سیاسەت یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەشداری نەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردن وەک دەنگدەر و هەم وەک کاندید. ئەمەش ئاڵۆزتر دەبێت بەهۆی تێڕوانینی گشتی بۆ گەندەڵی لە نێوان ئەکتەرە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، هەژاریی بەربڵاو، کەمی ئاستی هەلی کار، و لاوازی خزمەتگوزارییە گشتییەکان. نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە تیشکیان خستۆتە سەر ژنان، گەنجان، خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و کەمینەکان جەختیان لەوە کردەوە کە ئەم بەربەستانەی خوارەوە ڕێگری دەکەن، یان ڕێژەی بەشداریکردن کەم دەکەنەوە:

بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان:
- هەر چوار گروپەکە ڕووبەڕووی **بێهیوایی** گشتی دەبنەوە بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا.
- هەر چوار گروپەکە دووچاری جۆرە جیاوازەکانی توندوتیژی دەبنەوە کە هۆکارە بۆ ئاستی نزمیی بەشداریکردنیان.

بەربەستە سیاسییەکان:
- ئەو چوار گرووپە لەو باوەڕەدان کە **پشتیوانییەکی بەرچاو** لەڕێگەی لایەنە سیاسییەکان **نیە** بۆ ئەوەی خۆیان لە هەڵبژاردندا کاندید بکەن.
- هەرچوار گروپەکە دووچاری ئاستەنگ دەبنەوە لە بوون بە ئەندامی چالاک و ڕێزدار لە حزبە سیاسییەکان.

بەربەستە دارایییەکان:
- هەر چوار گروپەکە تیشک دەخەنە سەر ئەوەی کە تێچووی خۆکاندیدکردن بۆ هەڵبژاردن گەلێک زۆرە. ئەمەش بەهۆی کەمی ئاستی دامەزراندن و نەبوونی پشتیوانی دارایییە لەلایەن لایەنە سیاسییەکان و سنووردار‌بوونی دەسگەیشتنە بۆ سەرچاوە دارایییەکانی ناو خێزان.

<u>ئاستەنگی سەرەکی بۆ بەشداری ژنان لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان</u>

• ژنان ڕێگرییان لێدەکرێت لە بەشداریکردن بەهۆی نەبوونی سەربەخۆیی بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ڕۆڵەی کە پێویستە لە خێزانەکەدا بیگێڕن. ڕۆڵی ژن لە خێزاندا بەزۆری لەلایەن کەسایەتییەکی پیاوی ناو خێزان دیاری دەکرێت، وەک باوک، هاوسەر، یان برا گەورە.

• بەزۆری کاری ژنان پەیوەستە بە شەرەفی خێزانییەوە و لە ئەنجامدا کاتێک ژن بڕیار دەدات کە بەرەنگاری بڕیاری خێزانەکەی یان ئەو کەسەی کە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی بکات، کۆمەڵگەی ناوخۆیی خۆی و خێزانەکەشی لەکەدار دەکات.

• بە گشتی ژنان لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردن وەک کاندید و دەنگدەر لەلایەن کۆمەڵگا و خێزانەوە سارد دەکرێنەوە لەسەر بنەمای جیاوازی ئایینی یان کولتووری کە چاوەڕێی ئەوە دەکەن ژنان زیاتر سەرنجیان لەسەر خێزان بێت نەک بەشداریکردن لە کاروباری گشتی، بەو واتایەی سیاسەت و هەڵبژاردن.

• هەروەها ژنان لە توندوتیژی و تۆڵەسەندنەوە دەترسن، لە شێوەی دەستدرێژی جەستەیی یان تەنانەت کوشتنیش، ئەگەر بڕیاری خۆکاندیدکردنیان لە هەڵبژاردن بە پێچەوانەی ئیرادە یان بڕیاری خێزانەکە بدەن.

• ئەو بەربەستانەی کە خۆشگوزەرانی ژنە کاندیدەکان دەخەنە مەترسییەوە، وەک هەراسانکردنی سێکسی و ناوزڕاندن، دەبنە هۆی ئەوەی خواستی ژنان بۆ خۆکاندیدکردن بۆ هەڵبژاردن و دەنگدان کەم بێتەوە.
• یەکێک لەو بەربەستانەی کە ڕێگری دەکات لە بەشداریکردنی سەرکەوتووانەی ژنان وەک کاندید، ئەو تێڕوانینە هەڵەیە کە کورسی کۆتا لەلایەن خەڵکەوە وەک سەقفێک سەیر دەکرێت نەک وەک خاڵی دەستپێک. بەم شێوەیە ئەمەش هۆکارە لە کەمبوونەوەی پشتیوانی جەماوەری و حزبی بۆ کاندیدە ژنەکان بەهۆی لێکدانەوەی هەڵە بۆ ئامانجی سیستەمی کۆتا.

## ئاستەنگی سەرەکی بۆ بەشداری گەنجان لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان

• کۆمەڵگا گەنجان وەک بچووک و بێ ئەزموون سەیر دەکات.
• زۆرینەی لایەنە سیاسییەکان پشتیوانی گەنجان ناکەن بۆ ئەوەی خۆیان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان کاندید بکەن.
• ئاستی نزمی هۆشیاری لە نێوان گەنجان و کاریگەرییە پێشبینیکراوەکانی وەرگرتنی پۆستی سەرکردایەتی لە پارتە سیاسییەکان.
• گەنجان بەهۆی لاوازی ناوبانگی سیاسەتمەدارانەوە لەلایەن خێزانەکانیانەوە بەتایبەت باوکان لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و کاروباری گشتی سارد دەکرێنەوە.
• مەرجی تەمەنی 25 ساڵ بۆ خۆکاندیدکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بەربەستێکی یاسایی بۆ گەنجان دروست دەکات بۆ ئەوەی خۆیان کاندید بکەن.
• ژنانی گەنج ڕووبەڕووی لێکۆڵینەوەی توندتری میدیاکان دەبنەوە و ڕووبەڕووی چاوەڕوانییەکی بەرزتر دەبنەوە لەلایەن کۆمەڵگاوە بەراورد بە هاوتا پیاوەکانیان.
• کۆمەڵگا گەنجان بە کەسی بچووک دەزانێت بۆ ئەوەی پۆستی گشتی بەدەستبهێنن یان تەنانەت دەنگیان لە هەڵبژاردنەکاندا ببیستن.
• تێڕوانینی بەربڵاوی ساختەکاری هەڵبژاردن لە نێو گەنجاندا، بێهیوایان دەکات لە دەنگدان.

## ئاستەنگی سەرەکی بۆ بەشداری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان

• کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ڕووبەڕووی لەکەدارکردنی کۆمەڵایەتی دەبنەوە کە پەیوەندی بە کەمئەندامیەکانیانەوە هەیە. بە شێوەیەکی بەرفراوان باس لەوە دەکرێت کە کەمئەندامی پەیوەندی بە توانای هزرییەوە هەیە.
• بەربەستێکی دیکە بریتییە لە پاراستنی هەڵە لەلایەن کۆمەڵگا و خێزانەوە کە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بێهیوا دەکات لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا وەک کاندید و دەنگدەر چونکە ئەنجامدانی ئەو کارە بە بارگرانییەک لەسەر خێزان و تاک دادەنرێت.
• دەستنەگەیشتن بە دامەزراوە و بیناکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن، وەک بنکەکانی دەنگدان، سندوقی دەنگدان و ناوەندەکانی تۆماری دەنگدەران، ڕێگری دەکات لە بەشداریکردنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بە شێوەیەکی یەکسان و ئازادانە و دادپەروەرانە بە هەمان شێوەی کەسانی بێ کەمئەندامی.
• خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە دەستگەیشتن بە زانیاری و ماددە پەیوەندیدارەکانی هەڵبژاردن لە ماڵپەڕەکان و لە شوێنەکانی تۆمارکردن و دەنگدان ڕووبەڕووی کێشە دەبن. ئەمەش نەبوونی زانیاری بە زمانی برێل و چاپی گەورە و فۆرماتێکی ئاسان بۆ خوێندنەوە و وەرگێڕانی زمان دەگرێتەوە.
• کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ڕووی داراییەوە بێبەشن بەهۆی نەبوونی هەلی کار کە ڕێگری لە توانای بانگەشەی لە هەڵبژاردنەکاندا دەکات.

## ئاستەنگی سەرەکی بۆ بەشداری کەمینەکان لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان

- کەمینەکان لەلایەن لایەنە سیاسییە پێشەنگەکانەوە دابەشدەکرێن، لەلایەک گروپێک لەناو کەمینەکاندا پشتیوانی لایەنە سیاسییەکانیان هەیە و لەلایەکی تر کەمینەکان بێهیوا دەبن، لەهەندێک حاڵەتدا، لەبەشداریکردن وەک کاندید و دەنگدەر.
- سیستەمی کۆتا تەنها ژمارەیەکی سنووردار لە کەمینەکان لەخۆدەگرێت و گەرەنتی نوێنەرایەتییەکی دادپەروەرانە ناکات.
- بەهۆی دەستکاریکردنی هەستپێکراوی کورسییە یەدەگەکانی کەمینەکان لەلایەن لایەنە سیاسییە گەورەکانەوە لە نێوان کەمینەکاندا، ئەگەری ئەوە هەیە کەمتر وەک دەنگدەر بەشداری بکەن بەهۆی نەبوونی نوێنەرایەتی ڕاستەقینە.
- بەربەستە ئایینی و کولتوورییەکان زیاتر بۆ کاندیدە پێشبینیکراوەکانی کەمینەکان شتێکی باوە بەهۆی ژیان لە کۆمەڵگە نەریتی و پارێزکارەکان.
- هەروەها کەمینەکان ڕووبەڕووی جیاکاری ئایینی دەبنەوە کەوا هەندێک لە سەرکردە ئاینییەکان خەڵکی بیروباوەڕێکی تایبەت بێهیوا دەکەن لە دەنگدان بە خەڵک لە سەر بنەمای پێشینەی ئایینییان.
- زانیاری سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان بە زمانی کەمینەکان لە کۆمەڵگا کەمینەکاندا بەردەست نییە.




## ڕاسپاردەکان:

له میانی دوو وۆرک شۆپەکەدا کە لەلایەن نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردنی یونامی پاڵپشتی کرابوون، بەشداربووانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێشنیاریان کرد کە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی کوردستان:

1. هەماهەنگی و هەوڵەکان چڕ بکاتەوە بۆ چاودێریکردنی ئەو هەراسانکردنە ئۆنلاینانەی کە لە هەموو سۆشیال میدیاکان دژی کاندیدەکان ئەنجام دەدرێن.
2. کەمکردنەوەی تێچوو ناو تۆمارکردن بە شێوەیەکی بەرچاو، بەتایبەتی بۆ ژنان، گەنجان، خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، و کاندیدەکانی کەمینەکان.
3. هەڵمەتی میدیایی ئامانجدار بەڕێوەببەن بۆ هاندانی ژنان، گەنجان، خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و کەمینەکان بۆ خۆکاندیدکردن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.
4. دڵنیابوون لەوەی کە کەرەستەی پەیوەندیدار بە هەڵبژاردنەکان بە ئاسانی لە ماڵپەڕی کۆمسیۆنی کوردستان و لە بنەکانی تۆمارکردن و بنکەی دەنگدان بەردەستن و پێداویستییەکانی کەسانی جیاوازی خاوەن پێداویستی تایبەت دابین بکات. ئەمەش بریتییە لە چاپکردنی لیستی کاندیدەکان بە زمانی برێل و چاپی گەورە و فۆرماتێکی ئاسان بۆ خوێندنەوە و دابینکردنی وەرگێڕی زمانی ئیشارەت لەکاتی پێویستدا.
5. چالاکییەکانی هۆشیارکردنەوەی گشتی دەبێ لەسەر ئاستی هەرێم بێت، واتە لەسەر بنەمای ڕەوتەکانی بەشداریکردنی دەنگدەران لە ناوچە جوگرافییە تایبەتەکاندا بە تێپەڕبوونی کات.

**5.2** جێبەجێکردنی ڕێبازی تەمەن، ڕەگەز و هەمەچەشنی بۆ هەموو هەوڵەکانی هۆشیارکردنەوە.

6. دامەزراندنی گرووپی هەڵبژاردن بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە نووسینگەی پارێزگا پێش ماوەی هەڵبژاردن، بە ئامانجی ئاسانکاری و هەماهەنگی هەوڵەکانی پەیوەندیکردن لە نێوان کۆمسیۆنی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.
7. کۆکردنەوە، ستانداردکردن، بڵاوکردنەوە و بەردەستکردنی زانیاری فەرمی لەسەر ڕێژەی بەشداریکردن. ئەمەش پێویستە زانیاری ورد لەسەر دەنگدەران و کاندیدەکان (بەپێی ڕەگەز، تەمەن، ناوچەی جوگرافی و کەمئەندامی) لەخۆبگرێت.
8. **8.** دڵنیابوون لەوەی کە هەموو دامەزراوەکانی هەڵبژاردن و بنکەکانی دەنگدان و وێستگەکانی دەنگدان و ناوەندەکانی تۆماری دەنگدەران بە ئاسانی بۆ هەموو کەسەکان بەبێ گوێدانە کەمئەندامی بەردەستە.
9. **9.** ڕێکخستنی کۆکردنەوەی زانیاری بۆ بەشداریکردنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە چۆنیەتی دەنگدان و چۆنیەتی ناو تۆمارکردن بۆ کاندیدبوون.

لە میانی دوو وۆرک شۆپەکەدا کە لەلایەن نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردنی یونامی پاڵپشتی کرابوون، بەشداربووانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێشنیاریان کرد کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێویستە:

1. دامەزراندنی تۆڕێکی هەمەلایەنەی هەڵبژاردن لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەخۆبگرێت بۆ هەماهەنگی چالاکییەکان، هاوبەشکردنی زانیاری لەسەر بابەتی پەیوەندیدار بە هەڵبژاردن، ئاسانکاری بۆ کارکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، و داڕشتنی پلانی کارکردن بۆ ڕووداوەکانی داهاتووی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان.
2. لە کاتی پلاندانان بۆ ڕووماڵکردنی جوگرافی چالاکییەکان و ئامادەکردنی کەرەستەی ڕاهێنان، شێوازی بنیاتنراو لە سەر بەڵگە بەکاربێنە.
3. جێبەجێکردنی ڕێبازە گشتگیرەکان بە ڕەچاوکردنی چۆنیەتی باشترین دەستڕاگەیشتن و ئاسانکاری بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکان لەلایەن ژنان، گەنجان، کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمینەکان.
4. ئەنجامدانی کاری زیاتر لە هەوڵەکانی پەروەردەی مەدەنی و لە ڕێگەی پێشخستنی خولی ڕاهێنان بۆ کاندیدەکان بۆ ژنان، گەنجان، خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و کەمینەکان.
5. هاندانی زیاتری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بەشداریکردن لە چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان.
6. داکۆکیکردنی هاوبەش لە دامەزراندنی گرووپێکی کار بۆ پێداچوونەوە بە چوارچێوەی یاسایی هەڵبژاردن و چۆنیەتی باشترکردنی بۆ بەرزکردنەوەی بەشداریکردن لە نێوان چوار گرووپەکەدا.
7. پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە نزیکەوە لەگەڵ کۆمەڵگا و سەرکردە ئاینییەکان کاربکەن بۆ تێکشکاندنی بەربەستە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، بەلەخۆگرتنی بەربەستە ئاینییەکان.
8. بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بە #هاشتاگ و دانیشتنی پەخشی ڕاستەوخۆ بۆ ئەوەی بەشداری لە دوورەوە بکرێت.
9. دڵنیابوون لەوەی کە هەموو پەیوەندییە دەرەکییەکان لەگەڵ دەنگدەران و کاندیدەکان وەک ئامانج بە زمانی کەمینەکان دابەش دەکرێن.
10. ڕێکخستنی خولی ڕاهێنانی تواناسازی لە بواری تەکنەلۆژیای زانیاری، هەڵمەتی هەڵبژاردن، و هەڵبژاردن بۆ چوار گرووپەکەی ئامانج.



له میانی دوو وۆرک شۆپەکەدا کە لەلایەن نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردنی یونامی پاڵپشتی کرابوون، بەشداربووانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێشنیاریان کرد پارتە سیاسیەکان پێویستە ڕەچاوی ئەمانەی خوارەوە بکەن:

1. دابینکردنی تواناسازی بۆ کاندیدەکانی حزب لەسەر بنەمای پێداویستی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و ژنان و گەنجان و کەمینەکان.
2. ئامانجی پێشخستنی بەشداریی ئەندامانی حیزبی خاوەن پێداویستی تایبەت، ژنان، گەنجان و کەمینەکانە.
3. چالاکانە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگاکاندا بکەن پێش و لە کاتی هەڵبژاردن و دوای ماوەی هەڵبژاردن.
4. دڵنیابوون لەوەی کە زانیاری لەسەر پارتە سیاسییەکە و هەڵبژاردنەکان بە ئاسانی بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە ماڵپەڕەکەدا بەردەستە، هەروەها ڕیکلامە ڤیدیۆییەکان بۆ کاندیدەکان کە لە تەلەفزیۆن یان ئۆنلاین دەردەکەون، ژێرنووس یان زمانی ئیشارەتیان تێدایە.
5. پێشکەشکردنی پشتگیری دارایی بۆ کاندیدەکانی گروپە کەم نوێنەرایەتییەکان وەک ژنان، گەنجان، خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و کەمینەکان.
6. ئەنجامدانی کۆبوونەوەی کەسی لەگەڵ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، گەنجان، ژنان و کەمینەکان.
7. پەسەندکردنی پرۆگرامی حزبی پێش هەڵبژاردن کە گرنگی بە سیاسەتەکانی پەیوەست بە ژنان، گەنجان، خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و کەمینەکان دەدات.
8. دانانی لیستی کۆتای خۆبەخشانە بۆ ئەو لیستانەی لەلایەن حزب پشتیوانیکراون بۆ پێشخستنی بەشداریکردنی گەنجان، خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و کەمینەکان.